پەکەکە بەرپرسیارێتی خۆی لە پەلاماردانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنووری پارێزگای دهۆک ڕاگەیاند

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەرپرسیارێتی خۆی لە پەلاماردانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنووری پارێزگای دهۆک ڕاگەیاند، کە بەهۆیەوە پێنج پێشمەرگە بریندار بوون.

پەکەکە لە ڕاگەیەندراوەکدا بەرپرسیارێتی خۆیی لە هەردوو هێرشەکەی سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیاند، کە ڕۆژانی دووشەممە و سێشەممەی ئەم هەفتە لە سنووری پارێزگای دهۆک کردوویانەتە سەر بنکەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

پەکەکە پاساوی پەلاماردانی پێشمەرگەیان گوتووەتەوە بە دامەزراندنی بنکەیەکی نوێی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و ئاماژەیداوە، دانانی ئەو بنکەیە دەبێتە ڕێگری لەبەردەم چالاکیی چەکدارانی پەکەکە. ئەمەش لە کاتێکدایە بنکەکەی پێشمەرگە دەکەوێتە سنووری شارۆچکەی ئامێدی و قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان.

هەر لە بارەی هێرش و پەلاماردانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سێشەممە 29ی نیسانی 2025، ئەنجوومەنی

ئاسایشی هەرەمی کوردستان لە ئاگەیەندراوێکدا باڵاوی کردەوە، گرووپێکی تیرۆریستی، لە دوو هێرشی جیاوازدا، بە درێن بنکەکانی هێزی پێشمەرگەیان لە سنووری پارێزگای دهۆک کردووەتە ئامانج و لە ئێنجامدا پێنج پێشمەرگە بریندار بوون، بەڵام بارودۆخی بریندارەکان باش و پێشمەرگەکان ئامادەن بە ئیرادەیەکی پۆڵایین بەرپەرچی هەرجۆرە پیلان و هێرشێکی ناحەزان بدەنەوە.

ئێنجوومەنی ئاسایشی هەرەمی کوردستان ئاماژەی بەوەشداوە، هێندە لایەن و گرووپ هەوڵدەدەن پرسی ئاشتی و سەقامگیری لە دژەرەکەدا پێک بخەن.